# پیتە جوانەمەرگبووەکان

ناڵە حەسەن
کەنەدا / ئەیلوولی 2005



ك

کورەیەك لە نێو خەونەکانم
هەموو شەوێ
سەری پەنجەکانم و قەلەمەکەم و
دەمارەکانی بیرکردنەوەم , دەسووتێنێ
کەوێك لە بناری شاخەکانی دڵم
بۆم دەخوێنێ .
من لەوەتەی هەم ,
هەموو شەوێ لە نێو خەونەکانم
جوانەمەرگ دەبم
مەرگێکی ئارام , مەرگێکی شێنەیی
لە گەڵ وەرزەکانی تەمەنم
گەورە دەبێ ... !

و

وێنەیەك لە وێنەکانی خوا
لە نێو پیتە جوانەمەرگبووەکانی یادگاریم
دۆزییەوە .
ئاخێکم هەڵکێشاو ووتم
دەبێ رۆژێك دابێ و منیش
وێنەی ماڵەکەی خۆم
لە پەنا ئەستێرەیەك

یان لە باوەشی شەپۆڵەکان
بدۆزمەوە ... ؟!!

## ر

رووبارێك ,
بە هێمنی لە گەڵ خۆیدا دەمبا
دەمبا دەمبا دەمب
دەمبا دەمبا دەمبا
دەمبا دەمبا دەمبا
منیش هەر لێی رادەمێنم
تا بە پەرستگەکانی عەشق و
گۆرستانی پیتە جوانەمەرگبووەکانی
نێو شەوە شیعراوییەکانی خەیاڵم
دەسپێرێ ... !

## د

دەنگ دەنگ دەنگ
رەنگ رەنگ رەنگ
نە دەنگ هەیە , نە رەنگ
هەر دەڵێی مرۆڤەکان
لە گەڵ پیتەکاندا مردوون
هەر دەڵێی باڵندەکان
لە باوەشی ,
ئەستێران و بروسکەدا خەوتوون .
ئەم دنیایە چەند کشومات و بێدەنگە
دەریاکان و تاڤگەکان و رەشەباکان
چەند بێدەنگن بێدەنگ ... !

هەر دەڵێی لە نێو چاوەکانی
پیتە جوانەمەرگبووەکاندا خەوتوون ... !

## س

سێوێکی حەرام
حەرام حەرام حەرام
حەرامترین سێوی مەملەکەتی غوربەتم خوارد
تا ئێستا ,
سێ هەزار و سێ سەد و سی و سێ سێوی
حەرامم خواردووە .
بەڵام من بە پێچەوانەی ئادەم
تا سێوە حەرامەکان بخۆم
زێتر بە قووڵایی ئەم غوربەتخانەیە
دەچمە خوارەوە ... !

## ت

تاوسێك
ڕەنگینتر لە میوەجاتەکانی بەهەشت
نەخشینتر لە روخسارە ئێستێتیکیەکەی ئاگر
لە نێو وەرزەکانی تەمەنم
باڵەکانی خۆی دەکاتەوە و لە گەڵ خۆیدا
بە نێو سێبەرە شینەکانی خەیاڵ
دەمفرێنێ ... !

## ا

ئاوی نێو لەشی ژنێکی هەورین
وەکو باران بە سەر

کێڵگه و دارستان و باخ و بێستانەکانی

رۆحم دا دەبارێ

دوای توانەوە منیش دەرژێمەوە نێو دەریاکان

له وێندەرێش جارێکی تر دەتوێمەوە

هەر /

دەتوێمەوە دەتوێمەوە دەتوێمەوە

تا وون دەبم ... !

## ن

نامەیەکم بە دەست گەیشت

هیچ ناونیشانی لە سەر نەبوو

لە نێو نامەکەدا

پیتەکان بە جوانەمەرگبوویی خەوتبوون

وشەکان بۆنی فرمێسکی گوڵیان لێ دەهات

پیتەکان بەرلە مردنیان

ئەم مەسیجەیان بۆم ناردبوو

( ئێرە وێستگەیەکە بۆ مردن

ئێرە وێستگەیەکە بۆ عەشق

ئێرە وێستگەیەکە بۆ ژیان

لێرەدا , بە ئارامی

جووت بن عەشق بکەن سەما بکەن

ئێرە ماڵمانە ماڵ ... ! ) .

Nala_kholia@hotmail.com